وەزارەتی ناوخۆ
ئیدارەی گەرمیان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : ٤٣٥٦
ڕێکەوت : ٦ / ١٢/ ٢٠٢٢

---

# بانگهێشتی کەمکردنەوەی سنووردار
# کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(٢٠٢٢ -GP.٥) تەندەری پرۆژەی
# ( کڕینی مواد و کەرەستەی یەدەگ بۆ کۆگای بەڕێوەبەرایەتی ئاوی کەلار ) بۆ جاری سێیەم
# کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی سنووردار

ئاگاداری سەرجەم بەڵێنـدەر و کۆمپانیاکـان دەکەینەوە کە تەنـدەر ی پـرۆژەی ناوبراوی سـەرەوە هەیە , کە ئامادەکراوە لە لایەن ( بەڕێوەبەرایەتی ئاوی کەلار ) , لە سەر بودجەی ئاسایی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی کەلار خەرج دەکرێت, هەرکەس ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی ب.ژمێریاری لە دیوانی ئیدارەکەمان بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر . ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە ( ١٢٠ ) سەد و بیست ڕۆژ.

• ئەم کەمکردنەوەیە سنوورداره , بەپێی ماددەی ( ٣٩ ) برگەی ( پێنجەم ) لە رێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە گشتی یەکان ژمارە( ٢ ) ساڵی (٢٠١٦) جێ بەجێ دەکرێت .
• وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ( چوار شەممە ٧/ ١٢ /٢٠٢٢ )ەوە دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (پێنج شەممە ٢٢ / ١٢ / ٢٠٢٢) کاتژمێر ( ٩ ) ی سەر لە بەیانی تا ( ١١:٠٠ ) ی پێش نیوەڕۆ لە ئیدارەی گەرمیان بێ بەرامبەر دەبێت بۆ هەر کۆمپانیا و بەڵێندەرێک لە خۆی ڕادەبینێت .
• دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ( دوو شەممە ٢٦ / ١٢ / ٢٠٢٢ ) کاتژمێر (١١:٠٠ )ی پێش نیوەڕۆ یە وە ڕۆژی ئاشکرا کردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر ( ١١:٠٠ )ی پێش نیوەڕۆ یە وە لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
• ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری سەیری بەڵگەکانی تەندەرەکە بکات.
• بەشداربوان بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەندەری پرۆژەکە دەتوانن سەردانی ئیدارەی گەرمیان / ب. گرێبەستەکان بکەن .

• مەرجەکان:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( ٢ تا ٧ ) بێت وە پێناسی وەزارەتی پلان دانان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.
٢- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر (التعهد الخطي الضامن) بەپێی وێنەی هاوپێچ لە بەڵگەکانی تەندەر هەیە پێویستە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کاری تەندەر وە مۆر وواژۆی لەسەر بێت وە پەسەند کرابێت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.
٣- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (٩٠) نەوەت ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .
٤- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەلێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .
٥- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (٢٠٢٢) یان هەبێت .

٦- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵ بوەشێنێتەوە .

٧- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**جـــلال نـــوری عـبدالقـادر**

**سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/بەوەکالەت**

**/ ١٢ / ٢٠٢٢**